جارنامەی گیاخۆری، جدیترە لەوەی بیری لێدەکەنەوە

(٢-٢)

فەلەکەدین کاکەیی

ئەمڕۆ (ئاڕۆ) هەڵمەتێکی جیهانی فراوان لە ئارادایە بۆ وازهێنان لە گۆشتخۆری (یا کەمکردنەوەی) و رووهێنان بەرەو گیاخۆری.

گرنگترین ناوەڕۆکی ئەم جارنامەیە تەواوکەری ناوەڕۆکی جارنامەی مافی مرۆڤە، کە پاراستنی ژیان و مافی ژیان یەکەمین و گرنگترین ئەو مافانەیە.

فەلسەفەی گیاخۆری سۆزداری و عاتیفی نییە، پروپاگەندەو بیری ئایدیال نییە، خەیاڵ و خەون نییە، بەڵکو بزاڤێکی جیدی و کاریگەرە، لە دەوری سێ تەوەری گرنگ دەخولێتەوە

١- بۆ رزگاریکردنی ژیان و ژینگەی سەر هەسارەی زەوی کە ئینسان و ئاژەڵ و گشت گیانداران و گیاو گوڵ و درەختەکان دەگرێتەوە.

٢- بۆ چاکبوونی تەندروستی تاک و کۆمەڵی مرۆڤایەتییە.

٣- بۆ بەرزبوونەوەی هۆشیاری و ئاگایی مەعنەوی (مینەویی)یە، چونکە پڕبوونی گەدەو کەڵەکەبوونی خواردن ئینسان ماندوو دەکات و وزەی فیکری و دەروونیشی لێدەبات و، زیاتر دەخەوێ... تاد! کەواتە مێشک و دەروونی ئاڵۆز دەبێ و ناتوانێ بەڕوونی و زوڵاڵ و بێپەردە بیربکاتەوە.

بۆ ئەوەی: چۆن گیاخۆری ژینگە دەپارێزێت، دەڵێن کە ئاژەڵداری بەشێکی زیادی داهاتی سروشتی زەوی دەفەوتێنێ، زۆر لە دارستانەکان تەنیا بۆ لەوەڕگاو ئاژەڵداری، لە نێو براون، جگە لەوەش گازی خەتەرناکی (میثان) لە مۆلگای ئاژەڵ و مریشک و پەلەوەرەکانەوە هەوڵمەدەداو بەرزدەبێتەوە کە کاریگەریی لەسەر پیسبوونی هەوا هەیە.

کەوابێ، ئەگەر گۆشت نەخورێت (یا کەمتر بخورێت) ئەوا پێویستی کەمتر بە ئاژەڵداری دەبێ سەوزایی و دارستانەکان دەپارێزێن، رێژەی گازی میتان کەمدەبێتەوە، دەڵێن ئەگەر سێ سەد ملیۆن ئینسان پێکەوە واز لە گۆشت بهێنن، ئەوا کەشوهەوای زەوی بەرەو چاکبوونەوە دەچێ، گەرمایی کەمتر قەتیس دەخوات، لافاو و کارەساتی کەمتر روودەدەن، تەندروستی گشتی بەشەر باشتر دەبێ، بەڵکو مەترسی جەنگ و پێکدادانی خوێناوی کەمتر دەبێتەوە، سەیرە کە گۆشتخۆری بەخووو رەوشتی شەڕو خوێنڕێژی و درندەییەوە گرێدەدەن، نەخاسمە چینیەکان وەها دەڵێن: هەر بۆیەش، هەمیشە، زیاترو زیاتر، ئاگایی و هۆشیاری دەدەن کە کەشوهەواو ژینگەی هەسارەکەمان (زەوی) بەرەو مەترسی نادیار دەڕوات.. کە ماوەتەوە خەڵکی جیهان بەخۆیان کامە لەم دوو رێگا هەڵبژێرن: ئایا رزگاری لە مەترسی، بە وازهێنان لە گۆشخۆری؟ یا هەموو شت بدەنە دەستی قەدەر تا بە شێوەی ئاڵۆزو پاڵۆزی ئێستا بەرەو چارەنووسی نادیاری پڕ لە مەترسی بڕوات؟! لەم دوو رێیانەدا مرۆڤگەل بەخۆیان خاوەنی ئازادی هەڵبژاردنن لە نێوان ژیان و فەوتاندا.

زیاتر، بۆ ڕوونبوونەوە، دەڵێن کە گۆشتخواردن هەمیشە پێویستی بە وزەی زیاتر هەیە، چ بۆ کوڵاندن و سوورەوەکردن؟ برژاندن و هەر شێوەیەکی دیکەی بەکارهێنانی گۆشت، بەڵام گیاخۆری کەمتری دەوێ، واتە: سەرفی زیاتری وزەی نەوت و گازو کارەبا زیانێکی دیکەی گۆشخۆرییە، سەرەڕای پیسبوونی هەواو ئاو.

گەوهەری مەرامی گیاخۆری پاراستنی گشت لایەنەی ژیان و ژینگەیە: پاکی هەوا، خاوێنی ئاو، خاوێنی خاک، گلدانەوەی بەشێک لە وزەو خەرجی و داهاتی دیکەی سروشتی و ... تاد!

بێگومان، لەم میانەدا، کەمتر سەربڕینی ئاژەڵ و تەیر و توار و بەزەیی هاتن بە گیانداران و پەروەردەی سروشتیی رووەک و درەختان و ئاژەڵان و هی دیکەش، دەکەوێتەوە.

پیسبوونی ژینگە و ئاڵۆزبوونی کەش و هەوا، هەموو بۆ کردەوەی دەستی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە پیشەسازی دەرکەوتووە بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا زاڵ بووە و مرۆڤی لە سروشت دوورخستووەتەوە. لەدووسەد سێ سەد ساڵی دواییدا مرۆڤ بەبێ میهر و رەحم و بەزەیی کەوتە وێژەی خاک و رەگەزەکانی ژیان، چ لە دەرهێنانی کان و میتریالی ژێر زەوی و سەر زەوی، یا سووتاندنی دارستان و، مەسرەفی بێسنووری هەموو شتێک، بە ئاو و وزەو خۆراکەوە.

ئەوەتا لە پڕدا زەوی تەژی بووە لە سەدان ملیۆن مرۆڤی برسی و نەخۆش و نائومێد و سەرگەردان، لەتەک هەزاران بۆمبێکی هەرە مەترسیداری ئەتۆمی و هایدرۆجینی و، چەکی کۆمەڵکوژی. دەبێ ئەم مەسرەفە وەحشییانە رابگیرێت و مرۆڤ بێتە هۆشی خۆی، کەوا خەریکە بەدەستی خۆی، تاکە هەسارە شینە جوانەکەی و ژیانی، بەرەو نەمان دەهاوێژێت.

ئەمڕۆ، مادامێکە، ئێمەی بەشەر (یا بەشێکی بەشەر) بەو زانیاری و هۆشیاری و ئاگاییە گەیشتووین، ئیدی پاساومان بۆ نەماوە و نامێنێتەوە.

ئازادی هەڵبژاردنی مانەوە یا فەوتان کەوتووەتە دەستی خۆمان، کە کارێکی مەزنی بەکۆمەڵی دەوێ، لەسەر ئاستی جیهان دەبێ ببزوێین.

دیارە، وازهێنان لە گۆشت خواردن، (یاکەمتر کردنەوە تا نزمترین ئاست) و، روو لە گیاخۆری، رێگایەکە لە رزگاری هەسارەکەمان. بێگومان تاکە رێگە نییە، رێگەی دیکەش هەیە وەکو راگرتنی چەکسازی ئەتۆمی و کۆمەڵکوژی و فەوتاندنی ئەوەی هەیە و، رێگە وەبەرگرتنی دیالۆگی ئاشتییانە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و، نەهێشتنی هەژاری و برسێتی و تیرۆریزم و جەنگ و ستەمکاری.

لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٤ رۆژانە بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامە دەمنووسی. گۆشەی رۆژانەم پێدرابوو. لەو ماوەیەدا ئاماژەم بۆ ژینگە پارێزی کردووە، هەروەها بۆ بەزەیی هاتن بە گیانلەبەرەکانی دیکەدا کە هەر هەموو (هاوژینی) ئینسانن لەسەر ئەرز. ئەگەر خەڵکی وڵات هاووڵاتی و هاونیشتمانی بن ئەوا ئاژەڵان و گشت گیانلەبەران هاوژینمانن لەسەر هەسارەی زەوی. لەو سەردەمەشدا، بە عەرەبی، ئەو پەندە کوردییەم هێناوەتەوە«کەم بخۆ، کەم بدوێ، کەم بخەوە»، لێی وردبوومەتەوە. واتە بایەخدانم بە ناوەڕۆکی جارنامەکە تازە نییە، بەڵکو کۆنترە، هەرچەندە لەوکاتەدا بەزەقیی ئەمڕۆ بۆی نەدەڕۆیشتم، چونکە هێشتا خەڵک ئامادەی بیستنی پەیامی وەهانەبوون... ئێستا کاتی هاتووە.

(١) مینەوی، واژەیەکی ئاڤێستای زەردەشتییە، مانای (بەهەشتی)یە، واتە: جیهانی دیکەی بەرزتر و جوانتر، هەروەها مانای(رۆحی) دەدات، کەواتە: ئەوەی دەگاتە پلەی بەرزی مینەوی (مەعنەوی) بەشامانییەکی رۆحی بەرز دەگات، کە لە ژیانی رۆژانەیدا نەیچێشتووە.

واژەی (مانا= مەعنا)ش هەر لەریشەی (مینەوی) یەوە هاتووە.

2009/3/31 :500